# فەرامۆش كردنی قوربانی و گرنگی دان بەجەلاد

كوردۆ شوانی

جینۆسایدكردنی گەلی كورد لەدوو پرۆسەی جیاوازدا بیست ساڵ بەر لەئێستا بەدەستی جەلادەكانی حیزبی بەعسی شۆڤێنی هەڵوەشاوە هەوڵێك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەك، كیمیابارانكردنی خەڵكی سیڤلی هەڵەبجەو شاڵاوی دڕندانەی ئەنفال دوو كارەساتی مەزنی لەسەدەی بیستەمدا ئەنجامدراو فەرمانڕەوایە بەرژەوەند خوازەكانی جیهان لەئاستیدا بێدەنگ بوون، هەروەها ئەوانەی خۆیان بەپارێزەری مافەكانی مرۆڤ ناوزەند دەكەن لەهەمبەر ئەو تاوانە كەم وێنانەدا خۆیان گێل كردووەو وەك كەڕولاڵ نەهاتنە گۆ !

زۆر بەدەگمەن كارەساتی لەو جۆرە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەدی دەكرێت حكومەت بەشێك لەهاولاتیانی خۆی كۆمەڵكوش بكاتو زیندە بەچاڵكردنو كمیابارانكردن تاوانێكی هێندە قێزەونە مەگەر تەنها لەرژێمێكی بەعسی خوێن مژو هاوپێشە دڕندەكانی داگیركەرانی كوردستان بوەشێتەوە، كارەساتی هەڵبجەو ئەنفال هێندە كارەساتێكی گەورەیە بڕواناكەم هیچ كەسێك بتوانێ لە سەدان بەرگی پەرتوكدا گوزارشتی لێ بكات، هەرچەندە كات و زەمەنی ئەنجامدانی تاوانەكان تێپەریوە بەلام لە یاد و یادەوەری هیچ كوردێكی خاوەن شەرەفو هیچ كەسێكی بەویژدانو هیچ كاتو ساتێكی مێژووی داهاتوو ناسڕێتەوە، ئاشكرایە بەرهەمی هەر قوربانیدانێك كە لە پێناوی ئازادیدا بێت، ئاسودەییو خۆشگوزەرانیە بۆ ئەو گەلەی تێكۆشانی كردوەو رەنجیداوەو خوێنی بەخشیوە، لێ بەداخەوە ئێمەی كورد بە پێچەوانەی تەواوی تێكۆشەرانی گۆی زەوییەوە بەرهەمی رەنجمان جگە لەنەهامەتی هیچی دیكەی لێ شین نەبووە، دوای ئەو هەموو قوربانیدانە دوای رشتنی روباری خوێنی لاوی كورد، دوای هەڵقرچانی پینج هەزار مرۆڤی بێتاوان دوای زیندە بەچاڵكردنی ١٨٢ هەزار ژن و پیرو منداڵ و لاوی كوردستان، دوای ١٧ ساڵ حوكمرانی دەسەلاتدارانی كورد. هێشتا خۆزگەكان چرۆیان نەكردووەو هێشتا نەهامەتیەكان لە هەنگاوی سەرەتادان، هێشتا ژیانی خاوەن قوربانیەكان لە

تاریكادا گوزەردەكات، تەنها سێ ساڵ دوای كارەساتەكان ئەوانەی گەل بە فریادرەسی دەزانی بوون بە خاوەنی دەسەڵات، هەر كە قەڵای غەدر هەرەسی هێنا ئیتر خەڵكی قوربانی بەخش بە هیوای ئەوە بوون زامەكانیان سارێژ بكرێت، چونكە ئەوەی ساڵانێك بوو چاوەروان بووین بە دیهات، خەڵكی بەش مەینەت بە هیوای ئەوەبوون بە زووترین كات ئاسودەییان بۆ بگەرێتەوە هیچ نەبێت كەمێك لە مەینەتیەكانیان برەوێتەوە كەچی ساڵ لە دوای ساڵ باری خەمەكانی سەنگینتر دەكرد رۆژ لە دوای رۆژ چرۆی هیواكانی وشكتر دەبوون، تا رۆژگاری ئەمڕۆ بە تەواوی هیواكان كۆتایی هات و نائومێدی باڵی بەسەر نیشتمانی سوتماكدا كێشا.

بیست ساڵە كارەساتەكان رووی داوە، بیست هێندەی تر خەمەكان و ئازارەكان و فرمێسكەكان و نائومێدیەكان و نەهامەتیەكان، زیادیان كردووە، لە بیستەمین ساڵیادی هەڵەبجەدا بریندارى چەكی كمیاوی بە ئازارێكی بیستساڵەوە شەهید دەبێت و كەس باكی نیە! لە بیستەمین ساڵی مەرگەساتی ئەنفالدا پیرەژن و پیرە مێردی جەرگ سوتا و بێكەس لەبەر دەرگای ماڵی حیزب كۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی ئەو مانگانەیەی بەشی كرینی شوشەی شەرابی بەرپرسەكان ناكات، تەنها لە وادەی خۆیدا پێیانبدرێت!!

لە دوای حەڤدە ساڵ دەسەڵاتی كوردی داروخاوترین شاری كوردستان هەڵەبجەیە! وێرانترین شوێن مەملەكەتی ئەنفالكراوەكانە! بێخزمەتترین جێگەی ژیان، ئۆردوگاكانی شۆڕش و سمودی دەستكردی بەعسە!

دەسەڵاتدارەكانی كورد هیچیان نەكرد بۆ بەجێماوەكانی كاروانی مەرگی هەڵەبجەو ئەنفال، لەكاتێكدا ئەو پلەو پایە بەرزەی ئێستا هەیانە ئەو سەروەتو سامانە بێشومارەی بانقەكانی جیهانیان پێ پڕكردووە و ئەو كۆشك و تەلارە بەرزانەی سەریان بە هەوردا رۆچووە، ئەو فەرشە سورانەی لەوڵاتان بۆیان رادەخرێت و بەسەریدا دەڕۆن بەئێسك‌و پروسكی ئەنفالەكان‌و لاشەی سوتاوی هەڵەبجەییەكان‌و خوێنی سووری سەرجەم شەهیدانی كوردستان بەدەستیان خستوون، بیست ساڵ تەمەنی كارە ساتەكان‌و حەڤدە ساڵ تەمەنی حكومەتی هەرێم و حیزبە دەسەڵات دارەكان ئەنجام چی دەبینیت؟ راستیەكان لەبەرچاون جیاوازی نێوان كەس و كاری قوربانیەكان و بەرپرس و دەسەڵاتدارەكان ئاسمان و رێسمانە، ئەم حەڤدە ساڵە دەسەڵاتداران نەك نەیان توانیەوە جینۆسایدی گەلی كورد بە فەرمی بدەنە ناساندن لەجیهاندا و قەرەبووی كەسوكارەكانیان بكەنەوە، بەڵكو دەیانەوێت ئەو مەرگە ساتە مەزنە بچوك بكەنەوە لەیادی خەڵكی بەرنەوە!

لەوەش کارەساتتر هەوڵی ئەوە دەدەن تاوانبارەکان و ئەنجامدەرانی کوشت و بڕی گەلی کورد وەك بێتاوان پێشان بدەن، هەوڵی ئازادکردنیان بۆ دەدرێت، پەراویزخستن و لە یادکردنی ئەو خەڵکە بەشمەینەتەی لە دوای کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە بە جێماون سەرتۆپی هاولاتیە فەرامۆشکراوەکانی کوردستانن دەمەوێت لێرەدا غەدر لێکردن و فەرامۆشکردنی کەسێك بە بیر بێنمەوە کە رۆڵەی ئەنفال کراوێکەو لە مافی رەوای خۆی بێبەش کراوە، هەرچەندە ئەم بابەتەم جارێکی تریش لە روپەری رۆژنامەکاندا خستۆتە روو، بەڵام پێم باش بوو لە گۆڤاری عەرعەری تایبەت بە ئەنفالدا ئاماژەی پێبکەمەوە، خوێنەرانی ئەو گۆڤارە ئازیزە ئەو دڵۆپە لە دەریای غەدرو فەرامۆشکردن ببینن، با خەڵکی بە ویژدانی خۆی بڕیار بدات لە جیاوازی نێوان منداڵی ئەنفالکراوێك و منداڵی تاوانبارێك یان جاشێکی ئەنفالچی! ئەنفالچیەکی ئاسودەو خاوەن ئەنفالێکی غەمبار!

کەسوکاری ئەنفال کراوەکان بەشمەینەتترین خەڵکی کوردستانن ، کە تا ئێستاش لە سەدایەك قەرەبووی ئەو زیانە ماڵی و گیانی و مەعنەوییەی لێیان کەوتووە بۆیان نەکراوەتەوە، هەرچەندە ساڵانێکە خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانین، قسەکردنیشیان لەسەر فەرامۆشکردن و پەراویزکردنی کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال زۆر کراوەو زۆریشی لەسەر نوسراوە، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم هیچ ئاسودەییەکی بۆ ئەو خەڵکە بەشمەینەتە بەخشیبێت.

لە هەمانکاتدا هیچ کاریگەریەکیشی لە ویژدانی بەرپرسەکان نەکردووە، هەربۆیە رۆژ لە دوای رۆژ نەهامەتیەکانی ئەو خەڵکەی لەبیر کراوە لە زیادبووندایەو ئاشکرا دەبێت، لە کاتێکدا تاوانبارانی کارەساتی ئەنفال، هەوڵی ئەوەیان بۆ دەدرێت، لە مەرگ بپاریزرێت و ئەو بڕیارەی یاسا لە سەریان سەپاندویەتی هەڵبوەشێندرێتەوە، کەسوکاری ئەنفالکراواکان نەك مافیان پێ نادرێت وەك زیان لێ کەوتوویەك، بەڵکو ئەو مافەی کە هەرکەسێکی ئاسایی هەیەتی لەوان زەوت دەکرێت، ئەو کوڕە گەنجەی کە ناوی ئومێدە زۆر بە نائومێدی و دڵشکاوی گلەیی و گازەندەی لەو دەسەڵاتە کوردیە کرد کە هیچ کاتێك لە خەمی ئەواندا نیە هەمیشە لە هەوڵی خۆ دەوڵەمەندکردندان، ئومێد هێشتا منداڵ بوو کارەساتی ئەنفال روی داو ئومێدی لە نازی باوکی بێبەش کرد، ئومێد لە گەڵ دایکێکی خەفەتبارو پێنج خوشکی دوور لە شادی و خۆشی ژیان لە ئۆردوگای شۆڕش کە شوێنی مرۆڤە بەدبەختەکانی بە جێماوی ئەنفالە، بیست ساڵە ژیانێکی تاڵ بەسەر دەبەن ئەوان هەموو ژیانی خۆیان لە ناو ژورو هەیوانێکدا بەسەر برد کە هەرگیز

بەرپرسەکانی دەسەڵات ئامادە نین ڕێگە بەمنداڵەکانی خۆیان بدەن تەنانەت بیشی بینن!، بەڵام ئومێدو خوشکەکانی لە سایەی دایکیاندا توانیان ململانی لەگەڵ ئازارەکانی ژیاندا بکەن و ئەو ساڵە پڕ لە مەرگە ساتانە تێپەڕێنن، تەنها هیواو ئاواتی دایکی ئەوە بوو کوڕە تاقانەکەی گەورە بکات و خوێدنەکەی پێ تەواو بکات، بۆ ئەوەی لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا لەگەڵ ئومێدی تاقانەدا بە ئاسودەیی بژیت، ئومید جگە لە باوکی و مامەکانی و هەموو کەسە نزیکەکانی ئەنفال کراون، ئێستا دایکی و هەر پینج خوشکەکەی هەموو هیواو ئومێدێکیان بۆ دوا ڕۆژو ئایندەیان بە ئومێدەوە بەستۆتەوە، بەڵام وادیارە ئومێد بۆ خۆی خەفەت بارو نائومێدکراوە لە لایەن دەسەڵاتەوە، ئەو خێزانە سالآنێك بوو لە چاوەڕوانی دابوون بۆ ئەوەی ئومێد خوێندنەکەی تەواو بکات و ئەو دایك و خوشکانەی بەری ڕەنجی چاوەروانیەکەیان کۆ بکەنەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی ئومێد پەیمانگای مامۆستایانی تەواوکرد، ئیدی هەمویان بەخۆشی و شادییەوە چاوەروانیان دەرکرد بۆ ئەوەی ئومێد لەشوێنکی باشدا دابمەزرێت و ئەرکی مامۆستایی خۆی بەجێبگەیەنێت، بەڵام بەداخەوە لە سایەیی ئەو حکومەتەی ساڵی یەکجار نەبێت ئەنفالی بیرناکەوێتەوە، ئومێد نەك لەشوێنێکی باش دانەمەزرا، بەڵکو زۆر بەدڵ شکاوی و نائومێدییەوە هەواڵی ئەوەی بەدایكو خوشکەکانی ڕاگەیاند کەناوی نەهاتۆتەوە و لەهیچ شوێنێك دانەمزراوە، ئومێدی کوڕە ئەنفال لەو مافە ڕەوایەی خۆی بێش کرا لەجیاتی مژدەی خۆش خەم خەفەتی بۆدایکی بردەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو خێزانە خەم باردەکرێن ئەو بەڕێزانەی بەدەنگی خانەوادەی ئومێد و هەزران کەسی دیکەی وەكو ئەوان بەدەسەلآت گەیشتون ئێستا هەڵ و توانای خۆیان خستوەتە کار بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەنفال لە سێدارە نەدرێن ، کەسێکی وەکو سوڵتا هاشم کەئێستا دەڵێن بێتاوانە ئەوەندە ئەنفال کردنی کوردی بەکارێکی پیرۆز زانیوە ناوی منداڵێکی خۆی ناوناوە ئەنفال، ئەمەیە بەرهەمی خەباتو تێکۆشانی گەلی کورد، قوربانی مافی لێزەوت دەکریو جەلات مافی پێدەدرێت، ئەو مافەی بەکەس و کاری ئەنفالکراوەکان دراوە تەنها ئەوەیە هەموو ساڵێك لە چواردەی چواردا ئێسكو پروسکی ئەنفالکراوەکان لەشاشەی تیڤییەکانەوە پیشانبدرێتو فرمێسکیان پێ برێژرێت، کورد چۆن شانازی بەدەسەلآتی کەسانێکەوە بکات بەسەر لاشەی قوربانییەکانەوە بڕواتو دەرگای زیندان بەروی جەلاد والآ بکات ، زۆرن ئومێدە نائومێیەکان لەکوردستاندا ئەگەر ئاوریان لێنەدرێتەوە دوژمنی ڕاستە قینە لە یاد دەکەنو کەسانی تر بەدوژمن دەژمێرن.